## بەرد

گۆشەیەکە هەموو جارێ
ئاری عوسمان خەیات دەینوسێ
Arikhayat@yahoo.com

### کفری.. مەڵبەندی ئازارەکان و پایتەختێك بۆ نەهامەتییەکان...

★ سەعات ٧ی سەر لەئێوارەیە ، ئێرە کفرییە، ئەگەر تۆ میوان بیت، یان ڕێبوار یان گەر بەڕێکەوت ڕێت کەوتبێتە ئەم شارە، ئەوا دەبێ هەر لە ئێستەوە مشوورێکی خۆت بخۆیت، بۆ ئەوەی شەو دانەمێنیت، گەر کەسێکی ناسیاوت نەبێ، ئەوا ئەکرێ بەدووای ماڵێکدا بگەڕێیت تا ئەم شەو میوانیان بیت، ئاخر لەم شارەی ئێمەدا هەر زوو گەراجەکان نەفەریان نامێنێت و شوکور بۆ خوا ئۆتێلێکیش نییە تا ڕووی لێبکەیت.. من بۆخۆم چەندین جار میوانی ڕێبوارم هاتۆتە ماڵ. لێرە خەڵك زۆر ماندوون. گللەیان هەێندە زۆرە، ئەوەتا فێری بێدەنگی بوونە، چونکە گەشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەمڕۆ هەرکێ بۆ خۆیەتی. ئەمەش مەترسیدارترین زەنگێکە، لەڕاستیدا جگە لەبەرپرسانی وولات، هیچ کەسێکی تر ناترسێنێ.

★★برادەرێکم کەزانی نیازم وایە ئەمجارەش لەسەر کفری شتێك بنووسم، زۆر بە تووڕەییەوە هەڵیکردە سەرم و هەجوویەکی چاکی کردم، لەوەی چۆن ئەکرێ هێندە نمەك حەرام بم، تا ئەوەی دەگاتە ڕادەی قسەپێکردن بەلانکەی تیا لە دایکبوونی خۆم، خۆشبەختانە یەکی تریان نەیهێشت من هیچ بێژم: وەڵامی دایەوەو ووتی: ئاخر پێم ناڵێی کفری کوێی شارە، ئا تۆ بچۆرە بازاڕەکەی بزانە گوێت لەچی دەبێت: (شامی بەحرەکە، بامێی دوانزە ئیمام، لۆبیەی ئاوەسپی، صەمونەکەی کەرکوك، سەوزەکەی کەلار...) باشە ئەی نابێ شتێکی کفریشی تێدا بێ.

★★★ سەرم بەرزەو دڵم شادە، چونکە باوکیشم لەم شارە لە دایکبووە، هەرچییەکیش دەچێتە قاوخی نمەك حەرامییەوە، ئەوا من دوعایەك ئەکەم و گشتتان بێژن ( ئامین) : ﴿یا ڕڕەبی ئەوەی دەستی لە پاشەکشەو دواکەوتن و کاولبوونی ئەم شارەی مندا هەیە، ڕۆڵەی خۆی بەوەشۆ نەگرێ....﴾، ئەمەش دووایەمین جۆرەکانی پاڕانەوەیە کە پیرێ ژنەکانی کفری لە تەقاڵیتوی و دەدەو عەجەم فێری ڕۆڵەکانی خۆیانی دەکەن. بەڵام بەخوا براڵە. من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم هێندەی خەڵك (خۆمان) لە زۆرینەی گرفت و نەهامەتییەکان بەرپرسیارن ، کەسێکی تر هەبێت ئەوەندەی خۆمان خەتای هەبێت ...(بێژن بۆ ؟!).

دەوڵەمەندەکانمان سەرجەم پارەو پولیان لە بیناکردنی تەلاری بەرزو ئوتێلی جوان و پارکی نەخشین و بازاڕ و قەیسەری پانوپۆڕدا، لەشارەکانی تر خەرجدەکەن و دڵنیاشم لە خەویشا بە خەیاڵیانا نایەت و نەشهاتووە. کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دینارێك لە شارەکەی خۆیانا تەنانەت بەخێر بدەن.. هەرچییەك پیاو ماقوڵ و کەسی پایەداری حیزبی و حکومیمان هەنە، لێرە باریان کردووەو بۆ خۆیان لە شوێنەکانی تر ئەحەسێنەوەو سەرفدەکەن، و لێ ئەدەن. ئەوانەشی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەم و ناودار ناسرابن، ئیستەکێ لە دەزگای گەورە گەورەو لە مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری زەبەلاحی جێگەکانی تردا دەستیان ئەڕوات و ئیتر حەیفێکیش بۆ زێدەکەی خۆیان ناخۆن.. ڕاستە دەسەڵات ئەرکی لەسەرەو ئێمەش مافمان زەوەندیە.بەڵام دەسەڵات بو خۆی هەمیشە لەخەوی قوورسو گرانی خۆیدایەو ناکرێ ئێمەش وا چاوەنواری دەستی پرلەرەحمەت و بەرەکەتی ئو بین تابزانین لەکوێندەرێوە دەست درێژ دەکات و پاروویەك بە دەممانەوە دەکات .. نازانم ئەم بیانووەی شارەوانی تا چەند مەعقولە ، بەلام بۆ چەندینجار بیستومە کە شارەوانی گللیەیی ئەوە دەکات، گوایە پرۆژەی زۆر و باشیان لەبەردەستدایە کەچی کەسێك نییە، قاوەڵتیەکەی بگرێت، .. ئەدی گەر دەوڵەمەندەکانمان لەمە بەرپرس نین، کێیە بەرپرس؟ زۆرجاریش ئەڵێن وەللا فلانە شار، فیسارە بەرپرسی حیزبی یان حکومی لەپشتە، بۆیە وا ئیشی بۆ ئەکرێ، باشە خۆ ئێمە خەڵکی لەو چەشنەشمان کەم نییە، ئەی کوانێ چییان بۆ شارەکەیان کردووە ؟ گەر خۆیشم لەمەڕ پرسی سەقافی بێمە قسان، ئەوا ئەزانم چی ئێژم .. ئاخر ئێمەش لانکەی ..... ئح ..ح..ح..ح (قەوانەکەی جارانەو یەڵا بالە چاوی ئەم خەمە بیخۆینەوە .. !) .

### ئاپۆڕەی جەماوەری کەلار..

# وانەیەك بۆ بێ ئاگاکان و گوتارێکی عاقڵانەیش بۆ دەسەڵات

**شۆرش گەرمیانی**

ڕێپێوانەکەی کەلار.. تایبەت بەخەڵك

ئازادی تاك و عەقڵیەتی لێك تێگەشتن، لە هەموو کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا. پێویستترین مەرجە بۆ فەراهەم بوونی مافەکانی تاك و ڕادەربڕینی خواستە دیموکراسیەکان و بەرجەستە بوونیان لە بازنەی بیرمەندی شوناسی کەسێتی بۆ داکۆکی کردن لە داوای ڕەوای خەڵك.لە سۆنگەی بڕوا بوون بە مەودا دیموکراتیەکان و ئازادی ڕادەربڕین و پراکتیزەکردنی پرۆسەی بە مەدنیەت کردنی کۆمەڵگەی کوردیو پێویستە هێندەی ئەم بۆچوونانە گۆشەیەك بۆ کردارەکانمان دیاری بکەین بۆ ئەوەی لەم فەرەهەنگەوە قەناعەت و بڕوایەکی توکمەمان بو دروست بێت لە تێڕوانیینمان بۆ جەوهەری دیموکراتیەت و بەرجەستە بوونی داخوازیو وویستی جەماوەر بە دیوی ئەولاشەوە هەڵسەنگادنێکی بەویژدان لە پەرچەکردارەکانماز بدەین و هەستی پەخواردووی خەم ساردی بەرپرسیاریەتی دامودەزگاکان و بەرپرسە ناکاوەکانی سەردەمی کۆمەڵایەتی لە کێشانەی ڕاستەقینە بدەین بۆ ئەوەی داینەموێ گۆڕاندنی ڕەوشی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری بە ئاقاری نادیاردا نەبەین.

چونکە دەگمەنن ئەو کەسانەی لە چەمکی ڕاستەقینەی دیموکراتیەت و ئازادی بیروڕای گشتی و خواستەکانی جەماوەر بێ ئاگابن و لە واقیعی گۆڕەپانی سیاسی ئەم وڵاتە نەگەیشتبێ ئەم کردانەش بوونە بە ڕێگری سەرەکی و ئاستەنگی تەواو لە پشتی بەرەو هەنگاونانی کۆمەڵگای کوردی بەرەو دوونیای و گەڵاڵەکردنی واتا بەرزەکانی دیموکراتیەت. دور تا نزیك هەموان دەزانین دەسەڵاتی ئیداری و ستراکتۆری سیاسی بەرپرسە لە ڕێڕەوی ڕەوشی سیاسی،ئابووری ،کۆمەڵایەتی وڵات، ئاکامەکانی و ڕەهەندەکانی ئاسۆی نادیاری ئایندە هەمووی دەستکردی فەزای سیاسی و ئاراستەی دەسەڵاتن. بۆیەش خۆپێشاندان ڕژانە سەرشەقام یەك دەنگی بەرزبوونەوەی هەناسەی ناخی خەڵك لە هەموو سات وەختێك پەرچەکردار دژ بە بێدەنگی و گەندەڵی نەبوونی هەستی نیشتمانی و ئەرکی پیرۆزی مرۆڤایەتی و خزمەت نەکردنی کۆمەڵاتی خەڵك. ئەمەش پرەنسیپی دیموکراتیەت و بەختەوەری تاکەو لەم دیدەوە وویستی جەماوەر دەبێتە ئامرازی دایەلۆگ ولە یەك حاڵیبوون لە گەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبەری وڵاتدا.

ئەگەر نا خۆ دەبێ عەقڵیەتی مرۆڤی دیموکراتیخواز لای ئەوان دەستەواژەیەکی تر بێت. بەمەش لە مینبەری ڕاستەقینەی دیموکراتیەت و مەدەنیەت درووشم و پەیڤە وەنەوشەیەکان دوور دەکەوینەوەو بیری تاکڕەوی هەمدیس دەبێتە ئەو پەنجەرە تەسکەی کەوا لییەوە سەیری پرسیپەکانی دیموکراتیەت و ئازادی عەقڵ بکەین.

ئەم بیر تەسکی ورەشبینییەی دەسەڵاتی سیاسی دەمان خاتە بەردەم دووڕیانێکی نادیارەوە. یان ئەوەیە هێشتا ئەوان لە پەیڤە ڕاستەقینەکەی دیموکراتیەت نەگەیشتوون وئازادی تاك بە لایانەوە بڤەیە! یان ئەوەیە چاك ئەم چەمکەیان وەرگرتووە بەڵام بۆ ڕەهەندە سیاسیەکانی و خۆیان و پلەی دەسەڵاتی لەرزۆکیان پەی بۆ نزمترین پەیژەی ئەم گۆڕانە حەوهەریەی دەڤەری گەرمیان نابەن. ئەوەکو خوانە خواستە لە پەیژەکە بکەنە خوارەوە. ئەمانەن دووریانی نادیار بە هەردووکیانەوەش خەتێکی گەورەن بۆسەر خودگەرایەتی دەسەڵاتەکیان چونکە هەرگیز ئێمە ناتوانین شت بدەین بە خەڵك بێ ئەوەی خۆمان شتمان پێ بێ. ئەگەر لەم هەنگاوەدا نەتوانین خۆیان ئاراستەی گۆڕ بکەن ئەوە هەرگیز ناتوانن لە بەردەم شەپۆلی دیموکراتیەت و بیری ژیاری تاکی کۆمەڵگای کوردی خۆیان قویاربکەن.

ئەگەر خۆپێشاندان نادیموکراتی بێ و داوای ڕەوای جەماوەر نابەجێ بێ و ئازادی عەقڵ و بیر قەردەغە بێ. ئێتر دەبێ چی بە لای ئەوانەوە بە مەدنیەت کردنەوە چی بەلای ئەوانەوە ڕەوایە.چونکە ئەوان ووتوویانە سەرجەم تاکەکانی ئازادن!بەڵام لە هەمان کاتیش کەسی ئازاد نییە، ئەمە دوو ئاراستەی یەکتربڕە و دژەیەکە لە تێڕوانینینی ئەواندا بەڵام گەر لە تیزی عەقڵانیەتەوە ئەم پەیڤە بشبهوێنین بە ئەکتەرێکی سیاسی سەرگورپانی ئێمرۆ ئەوە زۆر بە ژیرانە لە ڕەهەند و مەودای ڕاستیقینەی ئەوان تێدەگەین چۆن بیر لە ئازادی تاك و ئازادی عەقڵەکان دەکەنەوە. شیکردنەوەی واقیع بینانیش گرەوی ڕاستەقینەی بردنەوەمانە لەم هەل و مەرجەدا چونکە ئەوان پییان وایە دەنگەکان نووستوون و ئاگایان لە حەشامەتی گەندەڵی و کاری دزێوەی فرۆشتنی خاك و نیشتمان نییە. هەر ئەم دەنگە بویرانە وای لێکردوون ڕێڕەوی ڕاستیەکان تەڵخیین بکەن و پرنسیپە پیرۆزەکەی خۆپیشاندانەکەی ٩/٧ بێ هودە بکەن وبە کاری ئاژاوەگێڕی و کاری لاوەکی و ناعاقڵانەی بشوبهینن و لە قەڵەمی نادیموکراسی خۆیان پرەتەوازی بکەن و ئەژماری بکەن. چونکە دڵنیان لەوەی جەماوەر چیتر فریو نادرێ بۆ دەسەڵاتە کارتۆتیەکەیان ئەمە بووە ڕاستیەك کەسمان ناتوانین حاشای لێ بکەین..

گەر ئوان دوای چوارده ساڵ ئازادی تازە بە تازە لە خۆپیشاندان و داکۆکی کردنی خەڵك لە سەر خواستە جەماوەری و کۆمەڵایەتی ڕێژنەی گوللەوە تەپڵی ئازادی لێبدەن و بە بۆنی بارووت مزگینی بە خەڵك بدەن دەبێ چاوەڕێی چیان لێ بکرێت؟

ئەوان پیمان دەڵێن ئاژاوەگێڕو نا دیموکراتی و نا مەدەنییەت، ئەی دەبێ خەڵك و ئاپۆڕەی جەماوەری گەرمیان و دایکی شەهیدی جوانەمەرگ و کوری ئەنفال و کۆرپەلەی نیمچە ئازادی بە ئەوان چی بڵێ؟ گەندەڵی و ناعەدالەتی کام دەزگاو کام فەرمانگەو کام خزکوتگوزاری بکات بە نموونەی دیموکراتیەتە ڕووپۆشکراوەکەی ئەوان. ئەگەر دەسەڵاتێك نەتوانێت متمانەی جەماوەر بە خۆی ببەخشێت دەبێ چی دوا ڕۆژێکی ستەماوی چاوەڕوانی بکات.. ئەگەر بەرێوەبەر و بەرپرسێك هەمیشە لە خەم مشوری ستافە تایبەتەکانی دزێوی خۆی بێت دەبێت چی ئاوڕدانەوەیەك لە خەڵك بدات.دیموکراسیەت لای ئەوان وەك مانگی سوێلە لە چوارده شەو جارێك دەردێت لە پرێکداو نامینێ.. ئاخر لە کام وڵات لە کام جێگاو کونجی ئەم دونیایە بووە دیموکراسیەت و ڕێژنەی گوللە لە سیبەری یەك داری بێ گەڵاشدا پشوویان دابێت. ئەمە ناخیراستەقینەی ئەوانە کە هێشتا لە ژێر مەستی بێ ئاگای و لە تاروگەی حەزە نامورادەکانی خۆیاندا دادەژین. بۆیەش تەرجەمکردنی ناشیرین و نادروستیش هەر ئەوان میکانیزمەکە نین ئەمەشیان بۆ ئەوەیە بە خەڵك بڵێن خۆپیشاندان نادیموکراتی و تێکدانە.. ئەگەر نا بۆ دەبێ گوللە و تاوەنبارکردنی تاك و گرتنی خوێن گەرمەکان و قەدەغەکردنی ڕۆژنامەنووسان لە دەست پێکی کارەکانیان بێت، ئەمەش هەر لە بەر ئەوەی لای ئەوان دیموکراسیەت بانێکەوە دوو هەوا.

# چی تر خەڵك قسەی زلی قبووڵ نییە پێداویستیەکانی ژیانی دەوێ !!

**بەهادین کەماڵ**

هەر هاوڵاتیەك مافی ڕەوای خۆیەتی ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵات بکات و یاخود لە هەر جێگایەك هەستی بە کەم و کورتی ئیدارەی و گەندەڵیکرد ، پێویستە هەڵویستی لەسەر بکا وچی لەڕێگای نوسینی بابەتی جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هتد ..... تێبینی و سەرنجی خۆی بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە بخاتەڕوو. ڕوونتر بڵێین ئەرکی سەرەکی سەر لایەنی ئۆپۆزیسۆن و ڕێکخراوە دیموکراتی و کەناڵە ئازادەکان و خەڵکان ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەم دەبێ لەسەر ئەو دیاردانە ئەگەر لەهەریەك هەستی پێ کرا لێی بێدەنگ نەبن، هەوڵی جدی بۆ بدەن لەڕێگای پرۆژە و یاداشت ومانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوری بۆ نەهێشتنی هەر دیاردەیەك و هاوکات بۆ دابین کردنی مافە سەرەتایەکانی هاوڵاتیان . ئەوەی زیاتر جێگای هەڵویست و خوێندنەوە بێ ئەوەیە، ئەمڕۆ لەزۆربەی شارەکانی کوردستان دەنگی ناڕەزایی زۆر هەیە لەدەستی گەندەڵی ئیدارەیی و کەمی ئاو وکارەبا و سوتەمەنی هاوڵاتیان مافی سەرەتایی خۆیان داواکردووە دەبێ بۆچی دەسەڵاتداران لێی بترسن، ئاخۆ ئەگەر داوای گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیان کرد ، دەبێ بەچ جۆرێك لە جۆرەکان وەڵام بدرێنەو ؟ من دەڵێم لە (٣) هەڵبژاردنی ڕابردوودا واتە هەڵبژاردنی (پەرلەمانی ١٩٩٢) و هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی (٢٠٠٠ ــ ٢٠٠١) لەسنوری هەردوو ئیدارەی سلێمانی وهەولێر، دوا هەڵبژاردنی ئەمساڵیش کە بۆ پارێزگاکان و هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق ، هەردوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان لە هەردوو لیستی هاوپەیمانی بەشی شێریان بەرکەوت و لە هەڵبژاردنی پارێزکانیش دیسان بەشی شێریان بەرکەوت جگەلەمەش لەهەردوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا هەرخۆیان زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێنا و هەڵبژاردنی (١٩٩٢)یش کە هەردوو حکومەتی (٥٠ بە ٥٠) یان دامەزراند، دەرئەنجامی ئەو پەنجا بە پەنجا گەورترین شەڕی ماڵ وێرانی لێی کەوتەوە ،بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی هەڵبژاردنی ئەم دواییە بوو کە پەرلەمان لەو ماڵ وێرانی یە ڕزگاری بوو هەندێ دەنگی جیاواز بە چەپ و ئیسلامی و هەندێ لایەنی ترو هاتنە پەرلەمان و ئێستا پرسیار لەوە دایە (ئاخۆ ئەم پەرلەمانە ڕۆڵ و کاریگەری چی یە لەسەر بارووداوخی کوردستان هاوکات باری ژیانی هاوڵاتیان ، بڵێی پەرلەمان بێ ئاگا بێ لەبەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان لە بازاڕو هاوکات کەمی ئاو کارەباو نەبوونی سوتەمەنی ؟

من دەڵێم هەرلایەنێکی ناو پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بیەوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا قورسایی هەبێ لەپەرلەمان بابێ لەسەر ئەو گرفتانەی هاوڵاتیان پەرلەمان بکاتە سنگی(مەحەك) و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە گەورەیە کەوا هاوڵاتیان بەدەستیەوە دەناڵێنن بکات ، دڵنیام لەوەی سەرجەم چین و توێژەکان و هاوڵاتیانی کوردستان چی تر بڕوایان بەقسەی زل و بریبقەدار نەماوە کە بەسەدان جار بەڵێنی جۆراوجۆر دارو هیچی لێ سەوز نەبوو. بۆیە دەڵێم هاوڵاتیان بۆ ئەوەی دەنگیان بە ئێوەدا ژیانیان بۆ دابین بکەن، ئەگەر ئەم هاوکێشە کۆمەڵایەتیە پێتان چارەسەرناکرێ ئیتر لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا دروشمی خەیاڵاوی دوور لەواقیع مەکەنە پرۆگرامی لیستەکەتان دڵنیابن خەڵك دڵنیابوو ئێوە هیچ کات ناتوانن خواست و ویستەکانی خەڵك جێبەجێ بکەن، لەو بڕوایەدام ئەگەر بارودۆخ بە، ئاقارە تێ پەڕێ ئەوا هاوڵاتیان گەورەترین ڕێپێوانی جەماوەری دروست دەکەن و دەنگی شەقام دەکەنە سەرپەرشتیاری جێ بەجێ کردنی خواستەکانی خۆیان و نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری.

## وەڵامێك بۆ بابەتێکی مانگنامەی خەڵك

لەژمارە (١٧)ی مانگنامە ئازیزەکەتاندا ولە لاپەڕ(١٧)ی گۆشەی لەخەڵکەوە (عەلی خوداداد).

ناوێك لەژێر ناونیشانی ( قایمقامی خانەقیش تەزکیەی دەوێ ) هەندێ شتی نوسیوە ، لە وڵامی ئەو بەڕێزەداو بۆئەوەی خوێنەر بەهەڵەدا نەچێ حەزم کرد ئەم کورتە وڵامە ئاماژە پێبدەم

١- من تائێستا کەسم دانەمەزراندوە و دامەزراند نیش لە لای ئێمە نیە وبەڵکو هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان وحکومەتی مەرکەزی پەیوەندداری ئەو مەسەلەیەن و پەیوەندی بەئێمەوە نیە ..

٢- من وەك قایمقامی خانەقی یەکێکم لەو کەسانەی کە بڕوام بە تەزکیەو تەزکیەکاری نیەو کاریشی پێناکەم ..

٣- هەرکەسێش هاتۆتە لای ئێمەو داوای تەزکیەمان لێ کردووە . بابێمنەت بێ وبێتە ڕومان و پێمان بڵێ وایە ، کە دڵنیام شتی وا لەلای ئێمە نیەو لە ئێمەش ناوەشێتەوە

**لەگەڵ ڕێزم بۆ مانگنامەی خەڵك**
**محەمد حەسەن ئەمین**
**قایمقامی قەزای خانەقی**

## داواکاری

### ـ بۆ بەرچاوی بەرپێز وەزارەتی ناوخۆ ـ دامودەزگا پەیوەندی دارەکان

ئێمە کۆمەڵێك لەو شۆفێرانە کە دەمانەوێت مۆڵەتی شۆفێری وەربگرین.لە بەر زۆری کاتی خوێندن و بە عەمەلی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل و هەروەها زۆری بڕی پارەی دیاری کراو بۆ دەرکردنی مۆڵەتی شۆفێری لە قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو کەمدەستدا نییەو بە پێچەوانەوە لە بەرژەوەندی وقازانجی خاوەن نوسنگەکاندایە، بۆیە لە ڕێگەی چەند خاڵێکەوە دەمانەوێت داواکاریەکانمان بخەینە بەردەستتان بە ئومێدی ئەوەی بە هەند وەربگیرێت وپێداچوونەوەیەك بە بەندەکانی ئەو سیستەمەدا بکرێت.

١ـ پێویستە حکومەتی هەرێم ئاسانکاری بکات بۆ هەر مەسەلەیەك نەك لە سەر خەڵکی قورسی بکات وەك ئەم یاسایە.

٢ـ ماوەی خولەکە کەم بکرێتەوەو لە(٢٥) کاتژمێرەوە بکرێتە(٥)کاتژمێر بۆ هەردوو نەزەری و عەمەلی.

٣ـ بڕی پارەی دیاری کراو لە (١٧٥٠٠٠)هەزارەوە بکرێتە (٥٠٠٠٠) هەزار. چونکە زۆربەی زۆری خەڵکی ناوچەکە خەڵکی کەم دەست و هەژارن و توانای خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەیان نییە.

٤ـ ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوانەی لە شوێنا دوورەکانی وەك چەمچەماڵ وناوچەکانی ترەوە دێن.

**کۆمەڵێك لەو کەسانەی داوای مۆڵەتی شۆفێری دەکەم**

# لە گەرمیانەوە وەڵامێك بۆ جەمال عەبدوللا

**دڵشاد گەڵاڵی ـ گەرمیان**

خەڵکی گەمیان خەڵکێکی سادەو قارەمان و بە شەرەفەو حەقی خۆیانە داوای هەر شتێك بکەن بۆ ژیانیان پێویست بێت.چۆن لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێدا هەزاران ڕۆڵەی شەهید بووە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا هەوڵی زۆریان داوە.لە کلتێکدا خەڵکی ئەم ناوچەیە خۆپیشاندان دەکەن وداوای مافە سەرەتایەکانیان دەکەن ووەك هەر هاوڵاتیەك پێویستیا پێیەتی،کەچی کاك جەمال عەبدوللا بە تاوانی دەزانێ وبە دزو خەڵکی گێرەسێوێن لە قەڵەمیان دەدات.کاك جەمال عەبدوللا تۆ خۆت بە فەیلەسوف دەزانیت وکاك سالار مەحمودو ڕۆژنامەنوسان ورۆشنبیران و ڕێکخراوە خوێندکاریو مەدەنیەکانی گەرمیانیش بە نەزان ودواکەوتو دەزانیت.

لە لایەکەوە دەڵێیت دەبوایە پۆلیسەکان خەڵکی باشیان بکوشتایە بۆ سەروەری دەسەڵات ورەخنە لە وەزارەتی ناوخۆ دەگریت.کەچی لە لایەکی تریشەوە دەڵێیت من لە گەل تەقەکردندا نیم. سەیرە. مەگەر هەر خۆت تێبگەیت لە مەفهومی ئەم قسە مەنتیقیانەی خۆت.تۆ دەوڵەتی کوردی بە شتێکی سەیرو نارەوا دەبینیت وداواکاری شاروچکەی ڕزگاریش بەو دەوڵەتە دەزانیت.فەرموو تۆ چوار یاریگامان بۆ مەکەو هەموو کۆلانەکان قیرتاو مەکەو لە هەموو گەڕەکێك دوو پارك دروست مەکەوەرە یەك یاریگاو پارکێك و دوو جادەی سەرەگیمان بۆ قیرتاو کەدیارە تۆ زۆر هەڵەیت یاخود لە کردارو پرانسیپەکانی دیموکراسی نەگەیشتویت، چونکە لە وڵاتی دیموکراسیدا جەماوەر دەسەڵات هەڵدەبژێرێت ودەسەڵاتیش نوێنەری جەماوەرە، بۆیە دەڵێم ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەڵەیەو دەسەڵاتیش بێبەرییە لەم بۆچوونە هەڵانەی جەنابت.بۆیە خەڵکی گەرمیان لە هیچ جەمال عەبدوللایەك قبووڵ ناکات لە هۆشمەندی و بەها مرۆڤیەکانی کەم بکاتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com